# شکست و سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر جولەکەدا

## لە ژێر سێبەری چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا



حەمزە بەرزنجی

# شكست و سەركەوتنی موسڵمانان بەسەر جولەكەدا...

له ژێر سێبەری چەند ئایەتێكدا

ئامادەكردنی
حــــەمـــــزە بـــەرزنـــجـــی

1433 كۆچی - 2012 زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

(( إنَّ الحمدَ لله نَحمدهُ ونَستعينُهُ ونَستغفِرُهُ، ونَعوذُ بالله مِنْ شُرورِ أنفُسنا وسيّئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلّ لَهُ، ومَنْ يُضلِل فَلا هاديَ لَهُ، وأشهَدُ أن لا إله إلا الله وحدَهُ لا شريكَ له، وأشهَدُ أنَّ محمّداً عَبدُهُ ورَسولهُ.

﴿ ياأيهُّـــا الـــذينَ آمنـــوا اتّقـــوا اللهَ حَـــقَّ تُقاتـــهِ ولا تـــَموتُنَّ إلاّ وأنْـــتُم مُسلِمونَ ﴾ (آل عمران: 102)

﴿ ياأيهُّـــا النّاسُ اتّقوا ربَّكُمُ الّذي خَلَقَكم مِنْ نَفسٍ واحدَةٍ وخلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كثيراً و نِسآءاً واتّقوا اللهَ الّذي تَسآءلونَ بِهِ وَالأرحامَ إنّ اللهَ كانَ عليكمُ رَقيباً ﴾ ( النساء: 1)

﴿ ياأيُّهـــا الذين آمَنوا اتّقوا اللهَ وقولوا قولاً سَديداً يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُم ويَغفِر لَكُمْ ذُنوبَكُم وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظيماً﴾. ( الأحزاب: 70-71)

أما بعدُ فإنّ أصدقَ الحديثِ كِتابُ الله، وخيرَ الهَدي هَدِيُ مُحمّد(ﷺ)، وشَرَّ الأمُـــور مُحـــدَثاتُها، وكُلَّ مُحدَثةٍ بِدعة، وكل بِدعةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار )).

لە هەرکاتێك زیاتر کێشەی فەلەستین لەگەڵ جولەکەی داگیرکەردا پەرەی سەندووەو پێی ناوەتە کۆتا قۆناغ و لوتکەوە, ستەم و جەریمەکانی زایۆنیزم کە بەبەرچاوو بگرە بە ئاماژەو یارمەتی کاوێژکەرانی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەوە ئەنجامی ئەدەن هەموو بەها ئاسمانیو زەمینییەکانی بەزاندووە, نەك تەنها مرۆڤ بگرە دارو بەردی بێ زمانیش لەم جینایەتانە بێ بەش نەبوون, هەر لەبەر ئەمەشە لە قیامەتدا هاواردەکەن و موسڵمانان بانگ دەکەن تا ئەو جولەکەیەی لە پشتیانەوە خۆی حەشارداوە بە سزای دادپەروەرانە بگەیەنرێت..

ڕاستێتی ئەم تاوان و قەسابخانانەشیان کە بە هۆی پەرت و بڵاویو لاوازی موسڵمانان و دوور کەوتنەوەیان لە دینەکەیانەوە توشیان دەبێت قورئانی پیرۆز هەواڵی پێ داوەو موسڵمانانی لێ بێدار کردۆتەوەو لە چەند ئایەتێکی صەریحدا باس لە سەرەنجام و

کۆتاییيە مژدە بەخش و دڵخۆشکەرانەکەشی دەکات.....دەبا ساتێك لە ژێر سایەی ئەو ئایەتانەدا گوێی دڵمان واڵاکەین...خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِي ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ٤ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ٥ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ٦ إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأٓخِرَةِ لِيَسُـࣳٔواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا ٧ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْۚ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَاۘ وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَٰفِرِينَ حَصِيرًا ٨﴾.**سورة الإسراء. آية:** 4-8.

**واتە: لە کتێبی تەوراتدا یان لە لوح المحفوظ دا بڕیارمان داوەو بە بەنی ئیسرائیلمان ڕاگەیاندوە کە سوێند بە خوا ئێوە (لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) دووجار فەسادو خراپە لە زەویدا بەرپا دەکەن، (لە غەفڵەتی خەڵکیدا) زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەدەست دەهێنن (لەم سەردەمەدا دووبارە ئەم هەواڵە قورئانیە هاتۆتەوە دی). جا کاتێك (ئەی جووەکان) بەڵێنی یەکەمیان دێت (کە تۆڵەیان لێ بکەینەوە) بەندە تایبەتیەکانی خۆمان دەنێرینە سەرتان کە خاوەنی هێزو توانای زۆرن، ئیتر ئەوان بە هەموو کون و کەلێنێکی قەڵاو شارۆچکەکاندا دەسوڕێنەوەو دەگەڕێن بە شوێنیانداو ئەم هەڕەشەی تۆڵەیە بەڵێنی خوایەو دەبێت بێتە دی (زانایانی سەردەم دەڵێن_عبادا لنا_ مەبەست هاوەڵانی پێغەمبەرە کە قورئان وەسفی کردوون بە توندو تیژی دژ بە خوا نەناسان لە کاتی جەنگدا) . لە دوای ئەو لاوازیەتان (ئەی جووەکان، لە غەفڵەت و دواکەوتنی جیهانی ئیسلامدا) نۆرەتان دەدەینەوەو دەسەڵاتمان بەسەر وڵاتی ئیامانداراندا پێدەدەین و ماڵ و سامان و کوڕی زۆرتان پێدەبەخشین و واتان لێدەکردن کە زۆر ئامادە بن بۆ هێرش بردن و پەلاماردان و پڕو پاگەندە کردن. ئەگەر (لە کاتی دەسەڵاتدا) چاکە بکەن، ئەوە هەر بۆ خۆتان چاك و**

بەسووده، ئەگەر خراپەو تاوانیش بكەن ئەوە هەر یەخەی خۆتان دەگرێتەوە، جا كاتێك كە نۆرەی ئەنجامدانی بەڵێنی دواجار دێت، ئیمانداران كارێكتان پێ دەكەن كە لە ڕوخسارتاندا ڕەنگ بداتەوە، (چونكە ئەوان دڵنیان كە هەموو ئەو بەڵاو ناخۆشیانەی بەسەر گەلانی موسوڵماندا بە گشتی، هاتووە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی ئەوانی تیادایە)، ئەوسا دەبا ئیماندار بچنە مزگەوتەوە وەكو یەكەمجار چوونە ناوی، دەبا ئیتر ئیمانداران تۆڵەی خۆیان بكەنەوەو دەستیان بەسەر هەر چیەكدا دەڕوات درێغی نەكەن (چونكە ئەوان لە ستەم و زۆرداری و خوێن ڕێژی درێغیان نەكرد). ئینجا دوور نی یە، پەروەردگارتان بەزەیی پیاتاندا بێتەوەو ڕەحمتان پێ بكات ئەگەر بەخۆتاندا بێنەوەو تەوبە بكەن، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ پیلانگێڕان و خوێنڕێژی ئێمەش دەست دەكەینەوە بە تۆڵە سەندن و تەمێكردنتان، جگە لەوە دۆزەخیش دەكەین بە زیندان بۆ كافران كە تیایدا گیر بخۆن.

زانایان ڕا جیان دەربارەی ئەم ئایەتە كە ئاخۆ ئەو كەسانە كێن كە لە ئایەتەكاندا هاتوون و لە كۆتا جاردا بەسەر بەنی ئیسرائیلدا زاڵ دەبنەوەو تۆڵەی ستەمیان لێ دەكەنەوەو دەچنە ناو مزگەوتی ئەقصاوە بەسەر بەرزیو سەركەوتنەوە... هەندێك لە زانایان پێی وایە ئەمە ڕووی داوەو تێپەڕیوە, بەڵام ڕووكەشی ئایەتەكە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت وەك كۆمەڵێكی تر لە زانایان باسی دەكەن.

ابن كثیر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (..وقد اختلف المفسرون من السلف والخلف في هؤلاء المسلطين عليهم: من هم؟ فعن ابن عباس وقتادة: أنه جالوت الجَزَريّ وجنوده، سلط عليهم أولا ثم أديلوا عليه بعد ذلك. وقتل داود جالوت, ولهذا قال: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَاكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ﴾. وعن سعيد بن جبير: أنه ملك الموصل سنجاريب وجنوده. وعنه أيضًا، وعن غيره: أنه بختنصر ملك بابل. وقد ذكر ابن أبي حاتم له قصة عجيبة في كيفية ترقيه من حال إلي حال، إلي أن ملك البلاد، وأنه كان فقيرًا مقعدًا ضعيفًا يستعطي الناس ويستطعمهم، ثم آل به الحال إلي ما آل، وأنه سار إلي بلاد بيت المقدس، فقتل بها خلقًا كثيرًا من بني إسرائيل.

وقد روي ابن جرير في هذا المكان حديثًا أسنده عن حذيفة مرفوعًا مطولا وهو حديث موضوع لا محالة، لا يستريب في ذلك من عنده أدني معرفة بالحديث! والعجب كل العجب كيف راج عليه مع إمامته وجلالة قدره! وقد صرح شيخنا الحافظ العلامة أبو الحجاج المزي، رحمه الله، بأنه موضوع مكذوب، وكتب ذلك علي حاشية الكتاب.
وقد وردت في هذا آثار كثيرة إسرائيلية لم أر تطويل الكتاب بذكرها, لأن منها ما هو موضوع، من وضع بعض زنادقتهم، ومنها ما قد يحتمل أن يكون صحيحًا، ونحن في غُنْيَة عنها، ولله الحمد. وفيما قص الله تعالي علينا في كتابه غنية عما سواه من بقية الكتب قبله، ولم يحوجنا الله ولا رسوله إليهم. ............ولو وجدنا ما هو صحيح أو ما يقاربه، لجاز كتابته وروايته، والله أعلم./ تفسير ابن كثير 3/27–28.

واتە: ڕاڤەکارانی قورئان لە سەلەف و خەلەف جیاوازن لە دیاری کردنی ئەو گەلەدا کە زاڵ دەبن بەسەر بەنی ئیسرائیلدا, ئاخۆ ئەوانە کێن؟ لە ابن عباس و قەتادەوە هاتووە کە فەرمویانە: ئەوە بریتییە لە جالوت الجزریو سەربازەکانی, سەرەتا زاڵ بوو بەسەریاندا دواتر شکان و ئەوان سەرکەوتنەوە. وە داود پێغەمبەر(علیە السلام) جالوتی کوشت, بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثم رددنا لكم الكرة عليهم....﴾ وە لە سەعیدی کوری جوبەیرەوە هاتووە کە فەرمویەتی: ئەوە سەنجاریبی پاشای موسڵ و سەربازەکانی بوو, هەر لەویشەوە هاتووە کە فەرمویەتی: بوختنەصری پاشای بابل بووە. وە ابن ابی حاتم چیرۆکێکی زۆر سەیری لەسەر دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەو پاشایە دەستەڵاتی گرتە دەست و لە بارێکەوە چووە بارێکی تر تا شارەکانی گرتە دەست, لە کاتێکدا پێشتر هەژارو لاواز بوو بەشی خەڵکی دەداو خواردنی دەدانیێ, تا گەشتە ئەو ئاستەی گە پیێ گەیشت تا چوو بۆ شارەکانی بیت المقدس و خەڵکێکی زۆری لە بەنی ئیسرائیل کوشت.
وە ابن جریر لەم شوێنەدا فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە و دەیداتە پاڵ حوزەیفە بە مەرفوعی و دوورو درێژی باسی دەکات لە کاتێکدا ئەو فەرموودەیە بیێ شك مەوزوع و هەڵبەستراوە, بە جۆرێك ئەوەی کەمترین شارەزای هەبێت بە زانستی فەرموودە گومانی نییە لە هەڵبەستراوی ئەو فەرموودەیەدا, جا سەیرو عەجابەتی ئەوەیە کە چۆن ابن جریر لەگەڵ ئەو پلەو پێشەوایەتییەیدا ئەمەی هێناوەو ڕەواجی پیێ داوە! کە

مامۆستامان شێخی عەللامە ابو الحجاج المزی ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە راشکاوی فەرمویەتی کە هەڵبەستراوەو درۆیە, وە ئەمەی لە لێوارو حاشیەی کتێبەکەیدا نوسیوە.

وە لەم باسەشدا کۆمەڵێك بەسەرهاتی زۆری ئیسرائیلی هاتووە پێم باش نەبوو کتێبەکەمی بە هێنانەوەی پێ درێژ بکەمەوە, چونکە تیایدا هەیە هەڵبەستراوە لە لایەن هەندێك لە زندیقەکانیانەوە, وە تیایدایە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە صەحیح بێت, بەڵام ئێمە پێویستیمان پێی نییەو لێی بێ نیازین.. سوپاس بۆ خوا, وە ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا بۆی باس کردوین بێ نیازی کردوین لە هەر کتێبێکی تری پێش خۆی, وە خواو پێغەمبەرەکەی پێویستی نەخستوینەتە ئەوانە................خۆ ئەگەر ریوایەتێکمان شك ببردایە کە صەحیح بوایە یان نزیك بوایە لە صەحیحی ئەوە دروست بوو بنوسرێتەوەو بگێڕدرێتەوەو باس بکرێت...والله اعلم.

وە کۆمەڵێك ئاماژە لە ئایەتەکاندا هەیە کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەم شکستە گەورەو پشت شکێنەی بەنی ئیسرائیل ڕووی نەداوەو نەهاتۆتە دی....لەوانە:

1- خوای گەورە لەم ئایەتە باس لە دوو فەساد نانەوەیان دەکات, ئەگەر مەبەست لەو خراپانەیان بووایە کە ڕابووردووە ئەوا زیاتر لە دوو جار فەسادیان ناوەتەوە, بەڵام ئەم دوانەیان لە لوتکەدابووە. هەروەك چۆن چەندین جاریش خوای گەورە خەڵکی بەسەردا زاڵ کردوون, لەوانە: بختنصری کلدانی و سەرجۆنی ئاشوری و تیطسي رۆمانی و غەیری ئەمانەیش..

ابن كثير(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( وقد أخبر الله تعالي أنهم لما بغوا وطغوا سلط الله عليهم عدوهم، فاستباح بَيْضَتَهم، وسلك خلال بيوتهم وأذلهم وقهرهم، جزاء وفاقًا، وما ربك بظلام للعبيد, فإنهم كانوا قد تمردوا وقتلوا خلقا من الأنبياء والعلماء). تفسير ابن كثير 28/3

واتە: خوای گەورە باس لەوە دەکات کە کاتێك بەنی ئیسرائیل ستەمیان کردو لە سنوری خۆیان دەرچوون خوای گەورە دوژمنەکەیاتنی بەسەردا زاڵ کردن , بە جۆرێك هەیبەتی شکاندن و بەناو بیناو خانووەکانیاندا دەرۆیشتن و زەلیل و پشت شکاوی

کردن, ئەمەش سزایەکی پڕ بە پێست بوو بۆیان, وە خوای گەورەش ستەم لە بەندەکانی ناکات, چونکە ئەوان لە سنوور لایانداو یاخی بوون و کەسانێکی زۆریان لە پێغەمبەران و زانایان کوشت.

2- لە مێژوودا باس لە سەرکەوتنەوەی بەنی ئیسرائیل نەکراوە بەسەر ئەوانەدا کە سەرکەوتوون بەسەریاندا لە کاتێکدا لە ئایەتەکەدا ئاماژە بە سەرکەوتنەوەی بەنی ئیسرائیل دەکات بە سەریاندا وەك دەفەرموێت: ﴿ثم رددنا لکم الکرة علیهم...﴾

3- ئەگەر مەبەست لەو دوو فەسادە لەوانە بووایە کە ڕوویانداوە بە لەفزی (إذا) هەواڵی نەدەدا چونکە (إذا) مانای (ظَرفي و شَرطي) لە داهاتوو موستەقبەلیدا دەگەیەنێت نەك لە ڕابوردوودا. جا چۆن قورئان باس لە بەسەرهاتێکی ڕابووردوو دەکات بە حەرفێك کە بۆ داهاتوو بەکاردێت!؟ ئەگەر وابووایە خوای گەورە (لما)ی بەکاردەهێنا, هەروەها ووشەی (لتفسدن) لە ئایەتەکەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە داهاتوودایە.

4- ووتەی (وکان وعداً مفعولاً) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمە لە داهاتوودایە, چونکە وەعد بۆ شتێك دەدرێت کە ڕووی نەدابێت, هەروەك چۆن وەعدی خوای گەورە جیایە لەو وەعدەی مرۆڤەکان دەیدەن کە ئەگونجێت نەیبەنە سەر یان بۆیان جێبەجێ نەکرێت.

5- ئەو گەل و دەستەڵاتدارانەی لە مێژوودا لە ڕابووردوودا بەنی ئیسرائیلیان زەلیل کردووە بێ باوەڕو بت پەرست بوون ئیتر چۆن خوای گەورە بە (عباداً لنا) وەسفیان دەکات کە لای هەمووان ئاشکرایە ئەم وەسفە ئاماژەیە بۆ ئیمانداران چونکە ئەم ئیزافەیە بۆ تەشریفەو کافرو بت پەرستیش ڕێزو عیززەتی نییە, هەروەك چۆن لە زۆر جێگای قورئاندا ئەم ئیزافە تەشریفییە هاتووە: وەك (وَعِبادُ الرَّحمنِ – أسري بعبده – فادخُلي في عبادي – یا عبادي الَّذین أسرَفوا علی أنفُسِهِم – یَشرَبُ بِها عِبادُ اللهِ – إنَّ عِبادي لَیسَ لَكَ عَلَیهِم سُلطان – )....

6- له پاش فهسادی دووهمیاندا بینای بەرزو گەورە دەڕوخێنرێت و خاپوور دەكرێت, كە لە مێژووداو لە سەردەمەكانی رابووردوودا باس نەكراوە كە بەنی ئیسرائیل بینای لەو جۆرەیان بووبێت.

ئەمانە كۆمەڵێك لێكۆڵینەوەی ڕاستین تەئكید لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ئەو دوو فەسادەی بەنی ئیسرائیل دوای دابەزینی سورەتی ئیسراو ڕوودەدات نەك لە پێشتردا ڕووی دابێت.

لە كاتێكدا ئەم سورەتە مەككییەو لە پێش هیجرەت دابەزیوە, جا با چاوێك بخشێنین بە ڕووداوەكانی دوای دابەزینی ئەم سورەتەو بزانین ئەم خراپەكارییانەی بەنی ئیسرائیل لە كەیدایەو چۆنە:

**فەسادی یەكەمیان:**

جولەكە گەلێكن كۆمەڵێك سیفەتی بەدو پیسیان تێدایە كە قەناعەتی بە مرۆڤایەتی كردووە كە ئەمانە دوژمنی سەراپای مرۆڤایەتین, چونكە ئەوان پێیان وایە خۆیان ئاغاو سەرداری زەیوین و خەڵكیش هەموو كۆیلەو خزمەتكار, ئەوان خۆیانبە گەلی هەڵبژاردەی خوا دەزانن, پاشان خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ ضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيۡنَ مَا ثُقِفُوٓاْ إِلَّا بِحَبۡلٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبۡلٖ مِّنَ ٱلنَّاسِ وَبَآءُو بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَسۡكَنَةُۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ حَقّٖۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ١١٢ ﴾. سورة آل عمران: آية 112.

واتە: (جوولەكە) زەلیلیی و ڕیسواییان بۆ بڕیاردراوە لە هەر كوێ جێگیر بن مەگەر لە سایەی ئاینی خوادا بحەوێنەوە و (زوڵمیان لێنەكرێت كاتێك ئیسلام فەرمانڕەوا بێت) یان بەخۆ هەڵواسین بەخەڵكیدا بۆ یارمەتیدانیان، یان پشتگرتنیان (لەو سەردەمانەدا كە ئیسلام فەرمانڕەوا بووە بەئاسوودەیی ژیاون، هەرچەند لە ژێرەوە هەر خەریكی پیلانگێڕان بوون، لە سەدەی بیستەمیشدا توانییان ئەمریكاو وڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێ

وڵاتی تریش، بكەنە پشتیوان و داردەستی خۆیان). ئەوانە شایستەی خەشم و قینەی خوا بوون و زەلیلی و خەجاڵەتی بەشیانە، چونكە ئەوانە بڕوایان نیە بەئایەتەكانی خواو پێغەمبەرانیش بە ناحەق دەكوژن، ئەم یاخی بوون و سەرشۆڕیەیان، بەهۆی سەرپێچی و گوناهباریانەوەیە، ئەوانە هەمیشە لە سنوور دەردەچوون و دەردەچن.

جا ئێش هاتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ)و لە ناو شاری مەدینەدا بە هۆی زانستیان لە تەوراتدا جڵەوی پێشەوایەتی فیكرییان گرت و بە هۆی سەرقاڵیان بە دونیاو سامان پەرستییەوە پێشەنگی ئابوورییان كەوتە دەست, وە بە هۆی دوژمانایەتی خستنە نێوان ئەوس و خەزرەجیشەوە بووبونە پێشەنگ لە سیاسەت و بەرێوەبردندا.
بەڵام كاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەشریفی هات بۆ ئەو شارە كەوتنە دوژمنایەتی كردن و هەوڵدان بۆ كوشتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دەستیان كرد بە پەیمان شكاندن و كۆكردنەوەی هۆزەكان لە دژی, وە پشتگیری كردنی كافران و دەستدرێژی كردنە سەر ناموسی موسڵمانان و خیانەت كردن, تا پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوپای بۆ ئامادەكردن و پەرت و بڵاوی كردنەوەو لە دوورگەی عەرەبی ڕاوی نان, ئەوانەشی كە مابوونەوە خەلیفەی دووەمی پاڵەوان عومەری كوری خەتتاب (رەزای خوای لێ بێت) دەری كردن و شارەكانی لێ پاك كردنەوە.
جا فەسادی یەكەمیان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بوو بە بەڵگەی ووتەی خوای پەروەردگار كە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ قَالُوٓاْ إِنَّمَا نَحۡنُ مُصۡلِحُونَ ۝١١﴾. سورة البقرة: آية(11).

واتە: ئەوانە كاتێك پێیان دەوترێت تۆوی گوناهو تاوان و خراپەكاری مەچێنن لە زەویدا، دەڵێن: بەڕاستی ئێمە تەنها چاكسازی دەكەین!!
پێغەمبەری خواش(ﷺ) ناچار بوو ئەدەبیان دابدات و سزایان بدات و لەشاریان دەربنێ و ڕەگیان بپڕێت.... وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..فجاسوا خلال الديار وكان وعدا مفعولا﴾.

وەدەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٢﴾. سورة الحشر: آية(2).

واتە: ئەو خوایە ئەو زاتەیە، ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەنانی کتێب، هەڵیکەندن لە شوێنەواریان و ناچاری کۆچی کردن لە یەکەم دەست پێکردنی کۆکردنەوەو دەرکردنیاندا، ئێوە بەتەما نەبوون و گومانتان نەدەبرد ئاوا بەئاسانی بڕۆن، ئەوانیش گومانیان وابوو کە بەڕاستی قەڵاکانیان بەرگریان دەکات لە ویست و فەرمانی خوا، ئەوسا ئیتر لە لایەکەوە خوا بەڵای بەسەر هێنان کە بەخەیاڵیاندا نەهاتبوون و حسابیان بۆ نەکردبوو، ئەوسا خوا ترسێکی فڕێدایە دڵیانەوە، بەناچاری دەستیان کرد بەکاولکردنی خانووبەرەو ماڵەکانیان بەدەستی خۆیان و دەستی ئیمانداران، کەواتە: ئەی خاوەن بیروهۆش و دوور بینەکان دەرس و پەندو ئامۆژگاری وەربگرن (جوولەکە هەروا بۆیان ناچێتە سەر).

وە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن صَيَاصِيهِمۡ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ فَرِيقٗا تَقۡتُلُونَ وَتَأۡسِرُونَ فَرِيقٗا ٢٦ ﴾ سورة الأحزاب: آية(26).

واتە: ئەوانەی پشتگیری قورەیشیەکانیان کرد لەخاوەنی کتێبە ئاسمانیەکان، لەجووەکانی (بنی قورەیزە) خوای گەورە لە قڵاکانیان دایگرتن، ترس و بیمی فڕێدایە دڵیان، تا وایان لێهات، دەستەیەکتان کوشتن و دەستەیەکیشتان بەدیل گرتن.

دوای ئەم شكستە گەورەشیان بە دوای لایەنێكدا دەگەڕان تا ببنە هاوپەیمانیو لەو كەوتنەیان هەستنەوە سەرپێ‌و لە سایەی ئەودا بژین.. كەواتە بۆمان ڕوون بویەوە ئەوانەی كە لە ئایەتەكەدا هاتوون (فجاسوا خلال الدیار) بریتی بوون لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) و سەربازە ئیماندارە دڵسۆزەكانی هاوەڵی. بۆیە شایستەی ئەوە بوون بە (عبادا لنا) وەسف بكرێن.

**هەستانەوەی بەنی ئیسرائیل:**

دوای ئەوەی موسڵمانان ووردە ووردە لە ئیسلام دوور كەوتنەوەو لەت و پەرت بوون و تەفرەقەیان تێ كەوت و كەوتنە یەكتر خواردن, هەیبەتیان نەماو فەشەلیان هێنا, لەو لاشەوە بەلێشاو یارمەتی دەچوو بۆ زایۆنییەكان و جولەكە بوو بە منداڵێكی بەنازی سەربازگەی ڕۆژهەڵاتی شیوعیو ڕۆژئاوای سەرمایەداری, كە یەكێكیان بە سەربازو ئەوی تریان بە ماڵ و سامان كەوتنە یارمەتی دانی, بە جورێك جولەكە بوونە زۆرترین سەرباز, لەم كاتەدا دەوڵەتی ئیسرائیلی دامەزراو هیچ حیسابێكیشیان بۆ موسڵمانان نەكرد.

ئەو زۆرییەی بەنی ئیسرائیلیش كە لە ئایەتەكەدا دەفەرموێت: (أكثر نفیرا) مانای زۆری ڕەها نییە چونكە موسڵمانانی بە تەسكەرە زیاد لە ملیارو نیوێك دەبن, بەڵكو مەبەست ئەوەیە ئەوان زۆرترن لە ئیماندارانی دڵسۆزی ڕاستەقینە, چونكە جەنگەكە لە نێوان جولەكەو كۆمەڵی ڕزگاربوودایە كە كەمێكن لەسەر هەق ماونەتەوە, پاشان ووشەی (نفیر) مەبەست پێی ئەوانەن كە دەچنە شەڕو جەنگ, لەمەشدا دەبینین هەر لە موسڵمانان زیاترو پڕ تفاقترو بەهێزترن.

گومانی تێدا نییە ئەم سەركەوتن و هەستانەوەشیان بە ویستی خوای گەورەیەو بۆ ڕاچڵەكاندن و بیرخستنەوەی موسڵمانانە كە مەنهەجی خوایان فەرامۆش كردووەو سەرقاڵی بیردۆزە دەستكردەكانن تا بەم شكستە بەئاگابێنەوەو بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ڕاستەقینەكەی ئیسلام.

بەڵام مژدەبێت..... ئەم تاقیكردنەوەو سەركەوتنەی جولەكە هەتا سەر نابێت بە ئیزنی خوای گەورە, چونكە لە ئایەتەكەدا لە باسی قۆناغی سەركەوتنی یەكەمیاندا ووشەی

(ثم)ە هاتووە كە بۆ (الترتيب مع التراخي) واتە: ڕیزبەندییەكی خاوو ماوە درێژ بەكاردێت, لە مێژووشدا زانراوە ئەم سەركەوتنەیان دەمێكە بەدەستهێناوە, بەڵام لە باسی فەسادی دووەمیاندا خوای گەورە حەرف (ف) بەكاردێنێت كە بۆ (الترتيب مع التعقيب)ە واتە: ریزبەندیو بەدواداهاتنێكی خێرا, كە مانای ئەوەیە ئەم سەركەوتنەی جولەكە زۆر ناخەیەنێت و مەرگی بەكۆمەڵیان بە دەستی موسڵمانانی ڕاستەقینە زۆر نزیكە.

**فەسادی دووەم:**

ئێستا جولەكە لە بيت المقدسدا دەوڵەتیان هەیەو بە ئارەزووی خۆیان خەریكی فەسادن, زۆریان كوشت لە ئافرەتان و پیرو منداڵی بێ دەستەڵات, مزگەوتی ئەقصایان سوتاند, قورئانیان دڕاند, خراپەو بۆگەنیو فەسادیان چڵەپۆپەی بڕی, كوشتن... تاڵانی... زەلیل كردن... زیندانی كردنی هەزاران لە نێرو مێ,... ناموس شكاندن و هەتك كردن..كە ئەمەش هەتا ئەم ساتە بەردەوامەو لە لوتكەدایە, بە جۆرێ فەسادێك نییە لەمە گەورەتر... كە دواهەمیان ئەو قەسابخانە خوێناوییە بوو كە لە غەززەدا ئەنجامیاندا....لەو لاشەوە هەموو ئەو هەوڵ و كۆششانەی بۆ چارەسەری ناكۆكی نێوان عەرەب و جولەكەو هەوڵی چارەسەری كێشەی فەلەستین دەدرێت سەراب ئاسا بە با دەچێت و سەری لە فشەلەوە دەردەچێت, چونكە كارەكە بە دەست خوایە نەك كەسی تر...

لە ژێریشەوە جولەكە خەریكی رەشوەو بەرتیل دانن بە سەرانی خۆفرۆشی عەرەب و دەمیان چەور دەكات بۆ هێنانەدی ئامانجە تەلمودییەكانیان و دروست كردنی نیشتمانەكەیان لەسەر زەوی (ميعاد) وەك دەڵێن.

خۆ ئەم سەركردانە بە قەدەر سوڵتان عبدالحمیدیشیان پێ ناكرێت كاتێ دوای بەستنی كۆنگرەی (بال)یان جولەكەكان ویستیان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بەدوور بگرن و سامانێكی بێ ئەژماریان خستە بەردەم سوڵتان عبدالحمید- لە كاتێكدا لە نارەحەتترین باری داراییو ئابووریشدا بوو- تا ڕێگەیان بدات كۆچ بكەن بەرەو فەلەستین, بەڵام ئەو مەردانە ڕازی نەبوو/ مذكرات سلطان عبدالحميد.

لە ئایەتەکانیشدا ئاماژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی تێدایە ئەویش ئەوەیە: خوای گەورە لە قۆناغی یەکەم جاریاندا باسی چوونە ناو مزگەوتی ئەقصا ناکات, چونکە ئەوکات ئەویٚ ئازاد بوو, بەڵام لە جاری دووەمدا ناوی دەبات, چونکە جاری یەکەم چوونە ناو ئەقصای موسڵمانان بە مەبەستی زەلیل کردنی بەنی ئیسرائیل نەبوو, لەبەر ئەوەی لە ژێر دەستی ڕۆماندا بوو, بەڵام لە جاری دووەمدا بۆ لوت شکاندن و زەلیل کردنیانە: ﴿وليَدخُلوا المَسجِدَ كَما دَخَلوهُ أوَّلَ مَرَّةٍ..﴾. تا ئەو ماڵە وون بووەی ئوممەتی ئیسلام بگێڕنەوە, ئەوەش مانای ئەوەیە لەو کاتەدا جولەکەکان لەناو مزگەوتی ئەقصادا دەبن, ئەوەتا ئەمڕۆ قودسیان کردۆتەوە پایتەختی هەمیشەیی خۆیان وەك سەرانیان بانگەشەی دەکات.

## لەناو چوونی جولەکە

﴿..وَلِيُتَبِّرُوا ما عَلَوا تَتبِيراً﴾ سەرەنجام موسڵمانان.. بەندە ڕاستەکانی خوای پەروەردگار قەڵای ستەمکاری جولەکە دەڕمێنن و لە بنی دێنن, کە لە هیچ کاتێکدا وەك ئێستا جولەکە بینای بەرزو خێوەتگای جولەکەنشین(مستوطن)ی گەورەی دانەمەزراندووە لە سەراپای زەوی داگیرکراوی پیرۆزی ئەویٚدا.

ئەم لە ناوچوونەشیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاماژەی پیٚ داوە:

عن أبي هريرة(رضي الله عنه): أن رسول الله(ﷺ) قال: ((لا تقوم الساعة حتي يقاتل المسلمون اليهود، فيقتلهم المسلمون، حتي يختبئ اليهودي من رواء الحجر والشجر، فيقول الحجر أو الشجر: يا مسلم! يا عبد الله! هذا يهودي خلفي فتعال فاقتله. إلا الغرقد, فإنه من شجر اليهود)).أخرجه الشيخان، وأحمد (398/2 و 417 و530)، والخطيب (207/7)، والداني (2/64 –1/65).

واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا موسڵمانان دەجەنگن لەگەڵ جولەکەدا, جا موسڵمانان کوشتارێکیان دەکەن بە جۆرێك جولەکە لە پشت بەردو دارەوە خۆی حەشار دەدات, ئەو کات بەرد یان درەختەکە دێتەگۆو دەڵێت: ئەی موسڵمان ئەی بەندەی خوا! ئەمە جولەکەیەکە لە پشتمەوەیە وەرە بیکوژە, تەنها درەختی غەرقەد نەبێت, چونکە ئەو لە درەختی جولەکەیە.

لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ئەو بیناو خێوەتگایانە لە فەلەستین هەرگیز ڕاناگیرێت و ناوەستێنرێت هەتا جولەکەی تیابێت, هەرچەندە سەرانیان ئەو بانگەشەی ئەو درۆیەش بکەن, چونکە بە عەمەلیش ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵەکان باس لە بینای نویۆ زیاتر دەکەن.

جا لە جاری دووەمدا باس لە مزگەوتی ئەقصا کراوە, چونکە چوونە ناوی موسڵمانان بۆی بە داگیرکردنی قودس لەلایەن جولەکەوە کۆتایی هات, ئەویش کاتێ ساڵی 1967 هێرشیان بۆ بردو ئەو ساڵەش لەلایەن شکست پێ هێنەرانی ناونرا بە ساڵی (النكسة) وەك چۆن پێشتر بە ساڵی 1948 یان ووت ساڵی (النكبة).

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتانەوە دڵنیا دەبین لەوەی:**

1- جەنگی ناو فەلەستین ئیسلامییەو بە ئیسلامی دەگاتە ئەنجام نەك عەرەبی و نەتەوەیی, چونکە دوژمنەکانی بە عەقیدەی تەورات و تەلمود ئەجەنگن و پێویستیشە موسڵمانان بە عەقیدەی قورئان و سوننەتەوە بجوڵێن و بەرەنگاریان ببنەوە.

2- کێشەی فەلەستین هەرگیز بە ئاشتی چارەسەر نابێت, جا ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر تاوڵەی قوماردا بیخەنە مەزادی ئاشکراوە پێویستە بەخەبەربێنەوە پێش ئەوەی وەك ئەوانەی پێش خۆیان بچنە کەناری تیاچوون.

3- کۆچی جولەکەنشینی بۆ فەلەستین و قودس هەرگیز ڕانەوەستێت, هەتا لەوێ لاك و لاشەی پیسیان بە دەستی موسڵمانان بکەوێ: ﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـٔۥُواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا ﴿٧﴾ ﴾.

واتە: جا کاتێك کە نۆرەی ئەنجامدانی بەڵێنی دواجار دێت، ئیمانداران کارێکتان پێ دەکەن کە لە ڕوخسارتاندا ڕەنگ بداتەوە، (چونکە ئەوان دڵنیان کە هەموو ئەو بەڵاو ناخۆشیانەی بەسەر گەلانی موسوڵماندا بە گشتی، هاتووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی ئەوانی تیادایە)، ئەوسا دەبا ئیماندار بچنە مزگەوتەوە وەکو یەکەمجار چوونە ناوی، دەبا ئیتر ئیمانداران تۆڵەی خۆیان بکەنەوەو دەستیان بەسەر

هەر چیەكدا دەڕوات درێغی نەكەن (چونكە ئەوان لە ستەم و زۆرداری و خوێن ڕێژی درێغیان نەكرد).

4- جولەكە هێزی زۆری هەیەو بەردەوام پێ ی دەدرێت و لەمەشدا زیاترە لە موسڵمانان.

5- جولەكە هەرگیز بە ئارامی پشووندادات و ناگاتە ئاسایش و ئەمینی, وە ئەمە خەونێكەو بۆی نایەتەدی, چونكە ئەمە بڕیاری خوایەو هەر هەوڵێكیشیان لەم پێناوەدا بە فەشەل كۆتایی دێت, ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾ ﴾. سورة الأعراف: آية(167).

واتە: یادی ئەو كاتەش بكە پەروەردگارت (ئەی محمد(ﷺ) بڕیاریدا و ڕایگەیاند بەڕاستی كەسانێك دەنێرێتە سەریان تا ڕۆژی قیامەت، ئەشكەنجەو ئازاری سەختیان بدات، چونكە بەڕاستی پەروەردگارت زۆر بەخێرایی تۆڵە دەسێنێت ( لە ستەمكاران)، هەروەها بێگومان لێخۆشبوو میهرەبانیشە ( بۆ تەوبەكاران و ئیمانداران).

دوای ئەم قۆناغ و سەركەوتنەش قۆناغی خیلافەتی ڕاشیدە دەست پێ دەكات لەسەر نەهجی پێغەمبەر(ﷺ) وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی داوەو فەرمویەتی:

(( تكون النبوة فيكم ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها ثم تكون خلافة علي منهاج النبوة فتكون ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها ثم تكون ملكا عاضا فيكون ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها ثم يكون ملكا جبريا فتكون ما شاء الله أن تكون ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها ثم تكون خلافة علي منهاج النبوة. ثم سكت)). رواه أحمد 4/273 وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة - مختصرة - (34/1).

واتە: پێغەمبەرایەتی لە ناوتاندا دەبێت تا ئەوكاتەی خوای گەورە ویستی لێ بێت, پاشان هەڵی دەگرێتەوە. پاشان جێنشینییەك دێتە ئاراوە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرایەتی, ئەویش لە ناوتاندا دەمێنێتەوە تا خوای گەورە ویستی لێ بێت,

پاشان خوای گەورە هەڵی دەگرێتەوە هەركات ویستی لێ بێت, پاشان پاشایەتییەكی ویراپی دێتە ئاراوە ئەویش لە ناوتاندا دەبێت تا ئەو كاتەی خوای گەورە ویستی لێ بێت, پاشان هەركات ویستی لێ بوو هەڵی دەگرێتەوە. پاشان پاشایەتییەكی بە زۆرو تۆبزیو دیكتاتۆری دێتە ئاراوە, ئەمیش دەمێنێتەوە تا ئەو كاتەی خوای گەورە ویستی لێ بێت, پاشان هەركات ویستی لێ بوو هەڵی دەگرێتەوە, پاشان جێنشینییەك دێتەوە ئارا لەسەر نەهج و ڕێرەوی پێغەمبەرێتی.. پاشان بێدەنگ بوو(واتە: قۆناغی تری نەفەرموو).

### وە لە بورای ئابوریشدا خەڵكی دەكەونە خۆشیو كامەرانییەوە:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ((لا تقوم الساعة حتي تعود أرض العرب مروجا وأنهارا )). رواه مسلم 3/84 ، وأحمد2/370 و 417 ، والحاكم 4/477 من حديث أبي هريرة)(رضي الله عنه) .

واتە: قیامەت نایەت هەتا زەوی عەرەب دەگەڕێتەوە سەر شێوازی پڕ لە سەوزاییو ڕووباری یەكەم جاری.

### وە نیزامی كۆمەڵایەتی پڕ لە داد پەروەری دێتە كایە:

((يخرج في آخر أمتي المهدي يسقيه الله الغيث وتخرج الأرض نباتها ويعطي المال صحاحا وتكثر الماشية وتعظم الأمة يعيش سبعا أو ثمانيا، يعني حجة)). سلسلة الأحاديث الصحيحة(8/1) وبعض التاسع – (210/2) وصححه الألباني في "السلسلة الصحيحة" 336/2 .

واتە: لە كۆتایی ئوممەتەكەمدا مەهدی دەردەچێت, خوای پەروەردگار بارانی بۆ دەبارێنێت و زەوی ڕووەكی خۆی دەردەدات و مەهدیش ماڵ و سامان دەبەخشێتەوە بە لێشاو, وە مەڕو ماڵات زۆر دەبێت و ئوممەت زۆر دەبێت, ئەم پیاوە حەوت ساڵ یان هەشت ساڵ ئاوا دەژی.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

سوودم وەرگرتووە لە كتێبی

الجماعات الأسلامية في ضوء الكتاب والسنة بفهم سلف الأمة.....سليم بن عيد الهلالي

بەرهەمەكانی ئامادەكار لەم سایتەدا بخوێنەرەوە

[http://www.facebook.com/hamzabarzngy](http://www.facebook.com/hamzabarzngy)




مافی لەبەرگرتنەوەو بڵاوكردنەوەی بابەتەكانی پێگەی گزنگ پارێزراوە بۆ هەموو موسۆڵمانێك